# تەرازوو

## وێنەیەکی لە ئەنفال بەجێماو

(سیاسییەکان سیل دەگرن و من سییەکانم دادەڕزێن)

((رۆژگارێک بوو، خورجێک ئێسک و کەللەسەرم، شار بە شار و شەقام شەقام، بۆ هێلەکێک ئارد دەگێڕا، ئارد قوورستر بوو... ئارد دەست نەکەوت، هەتا هەمووشتم دۆڕاند!)).

ئەمە زووخاوی ژنێکی رەنگئەنفال بوو، لەسەر پەڕۆیەک دەینووسی بە ئاڵای کوردستان دەچووا!.

* * *

باڵاخانەی خەونەکان، ریشەی لە شەهید ئاڵاوە،
سەری لە مێژەری تەم و
خانەخانەی سیخناخی خەم!.

بگەڕێوە!...
لە چۆڵستانی رۆحمدا:
چرپەیەک،
لە خەراباتی جەستەمدا:
شوعلەیەک،
لە بەربادبوونی گەنجییمدا:
خەندەیەک دابگیرسێنە!.

بگەڕێوە!...
لە دەلاقەی زامانتەوە ئایەتەکانی شەهادەت،
بڕژێنە بن ئەو دارانەی تیرخوێن بوون و بەریان نەدا!.

بگەڕێوە!
چێشتەنگاوێک بە گوڵی دارئەرخەوانێک فرمێسکەکانم بسڕەوە...
لە تەرازووی سەرکەوتندا، تێڕێک ئێسک لە هێڵەکێک ئارد سووکترە!.

پشکۆ نەجمەدین